# ئەوە ڕزقێکە خودا پێتانی بەخشیووە؛ ئایا هیچ شتێک لە گۆشتەکەی لە لاتان ماوە پێمانی ببەخشن بۆئەوەی بیخۆین؟ هەندێک لە گۆشتەکەیمان نارد بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ولێی خوارد

لە ئەبی عبداللە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئێمەی نارد بۆ جەنگ، وئەبو عوبەیدەی کردە فەرماندەمان، بەدوای کاروانی قوڕەیشدا دەگەڕاین، توورەکەیەک خورمای پێمان بەخشی وەکو قووت (بۆ خواردن) وهیچی تری لا نەبوو بۆمان جگە لەوە نەبێت، ئەبو عوبەیدە دەنکە دەنکە خورمای دەداینێ، ووترا: ئەی ئێوە چیتان لێدەکرد؟ (جابر) ووتی: دەمانمژی هەروەك چۆن منداڵ دەیمژێ، پاشان ئاومان دەخواردەوە بەسەریدا، ئەو ڕۆژە تا شەوەکەی بەشی دەکردین، بە دارەکانی دەستمان گەڵای دارمان دەوەراند، پاشان بە ئاو تەڕمان دەکرد ودەمانخوارد، بە کەناری دەریایەکدا ڕۆیشتین، لەکەناری دەریاکە تارماییەکمان بینی وەکو تەپۆڵکە وابوو کە گەیشتینە لای سەیر دەکەین گیاندارێکە پێی دەووترا (نەهەنگی عەنبەر)، ئەبو عوبەیدە ووتی: ئەوە مردووە، پاشان ووتی: نەخێر بەڵکو ئێمە نێردراوی پێغەمبەری خوداین -صلى الله عليه وسلم- لە پێناوی خودا هاتووین؛ بەڕاستی ناچارن (پێویستن بۆیە) بیخۆن، (جابر) ووتی: ئێمە کە سێ سەد کەس بووین یەك مانگ لەسەری ماینەوە (نەهەنگەکەمان دەخوارد) هەتا قەڵەو بووین، ئێمەت ببینیایە لە چاڵی چاویدا بە گۆزەی گەورە ڕۆنمان هەندەگۆزی، پارچە گۆشتمان لێدەبڕی هێندەی گایەك، ئەبو عوبەیدە سیانزە پیاوی بردین و لە چاڵی چاویدا داینیشاندن، پەراسوویەکی هەڵگرت ودایچەقاند، پاشان گەورەترین وشتر کە پێمان بوو بردی بە ژێریدا (بە ژێر پەراسووەکەدا)، لە گۆشتەکەی زۆرێکمان لێهەڵگرت وکردمانە توێشووی (ڕێگا) کاتێک گەڕاینەوە مەدینە، هاتینە خزمەتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وئەو باسەمان بۆی گێڕایەوە، فەرمووی: «ئەوە ڕزقێکە خودا پێتانی بەخشیووە؛ ئایا هیچ شتێک لە گۆشتەکەی لە لاتان ماوە پێمانی ببەخشن بۆئەوەی بیخۆین؟». هەندێک لە گۆشتەکەیمان نارد بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ولێی خوارد.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مەفرەزەیەکی لە سوپا نارد بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە وئەبو عوبەیدەی کردە فەرماندە وپێشەوایان (ئەمیریان)؛ ئەمیش بۆ ڕێگری کردن لە کاروانێکی قوڕەیش کە گەنم وخۆراکیان پێبوو، توورەکەیەک خورمای پێدان وەکو قووت (بۆ خواردن) وهیچی تری لا نەبوو بۆیان جگە لەوە نەبێت، ئەبو عوبەیدە هەریەکێکیان خورمایەکی پێدەدا ئەمیش بەهۆی کەمی ئەو خۆراکەی پێیان بوو، بۆیە ئەوانیش دەیانمژی ولەگەڵ ئاودا دەیانخواردەوە بۆئەوەی بەشیان بکات وبە دارەکانی دەستیان لەو گەڵای دارانەیان دەوەراند کە وشترەکان لێیان دەخوارد پاشان گەڵاکانیان تەڕ دەکرد ودەیانخوارد چونکە وشک وزبر بوو، کاتێک گەیشتنە کەناری دەریایەک؛ شتێکیان بینی وەکو گردێکی لم بوو، ونزیکی بوونەوە بینیان نەهەنگێکی گەورەیە پێی دەووترا (نەهەنگی عەنبەر)، ئەبو عوبەیدە نەهی لێکردن لەوەی بیخۆن چونکە مردووە، خواردنی گۆشتی ئاژەڵی مردارەبوو حەرامە بە دەقی ئایەتی قورئانی پیرۆز، پاشان ئەبو عوبەیدە ئیجتیهادی کرد وڕای گۆڕی وڕێگەی دا بە خواردنی چونکە گۆشتی مردارەوەبوو دروستە بخورێت لە حاڵەتی پێویستدا، بە تایبەتریش لەم حاڵەتەدا چونکە ئەوان دەرچوون بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە (کە ئەمیش پەرستنی خوای گەورەیە) وتۆڵە سەندنەوەیە لە موشریکەکان، وحوکمی حەڵاڵی مردارەوەبووی ئاژەڵی ئاوی (کە لە نێو ئاودا دەژێت) لە لایان شاراوە بوو، پاشان پێویستی بوونیان وەکو بەڵگە هێنایەوە بۆ خواردنی وهەندێکیان وەکو قووت هەڵگرت بۆئەوەی ببێتە خواردنی ڕێگایان، وکاتێک گەڕانەوە بۆ مەدینە ئەم باسەیان بۆ

پێغەمبەری خودا گێڕایەوە -صلى الله عليه وسلم-؛ ئەویش ڕازی بوو لەسەر کارەکەیان وئەویش لە گۆشتەکەی خوارد چونکە گۆشتی ئاژەڵی مردارەوەبووی ئاوی (کە لە نێو ئاودا دەژێت) حەڵاڵە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5856